≥

بۆ نموونە تا ئێستا گروپێکی هاوکاریم نەدیوە لەیەکێك لەو رێکخراوانەی ئافرەتان درووست بێ کە ئافرەت بە روح گەورەیی و خۆشەویستی و نەرمی و بە دڵسۆزی بەناوبانگە. بۆنموونە گرووپێك دروست نەبووە رۆژێك لە رۆژان بچێتە خانەی پەککەوتان و بۆیەك سەعات خزمەت ئەو پیرێژنانەی بکات کە لەوێن، واتا با ئێمە خۆمان گێل نەکەین دڵنیا بین ئێستا بەدەیان کەس لەو شارە دڵیان شکاوە بە یەك قسەی تۆ دڵی دێتەوە سەرخۆی. ئێستا یەکێك لەو ژنانەی کە کورەکەی دڵ رەقی بەرامبەر کردووە، یان یەکێك لەوانەی لە ئەنفالدا بەجێ ماوەو کەسی نەماوە، ئێستا لەخانەی پیرانە، ئەگەر یەکێك لەو کچە نازدارانەی ولاتی مە، یەکێك لەو کورەی قۆزانە، رۆژێك لە رۆژان بەس سەر لەو شوێنە بدەن و بەناوی هاوکارییەوە بچن، تەنهای ئاوی بەدەست دەکات بۆ ئەوەی دەم و چاوی بشوات، دونیا جارێکی دی رووەجوانەکانی خۆی پیشانەدات. ئەو ئافرەتە جارێکی کە لەوە تێدەگات کە کورەکەی ماوە، کە مرۆڤەکانی دەوروپشتی خۆشیان دەوێ، کە گرنگی ئەو لەدونیادا کۆتایی نەهاتووە. ئەوانە راستە لە رووی مادیەوە شتی زۆر گرنگ نین، من کە دەچم لەو گوندە دەرس بەو قوتابییە دەڵێم لەوانەیە لە رووی مادیەوە زۆر گرنگ نەبێ، ئەگەر ئەو قسەیە گەورە دەکەن، مامۆستا جەبار بە خۆبەش چووە، لەوانەیە زۆر گرنگ نەبێ، بەس ئەوەی گرنگە کە گەیشتمە ئەو قوتابخانەیەو دیتم ئەو قوتابیانە هەموویان بە جلی زۆر پاك و بە جلی قوتابخانەوەو زۆر بەرێك و پێکی بە کراسێکی سپی و پانتۆڵی رەساسیەوە لە دەوری قوتابخانەکە دێن و دەچن، کتێبەکانیان بەدەستەوەیە و چاوەرێی مامۆستان، کە ئێمەیان دی ئەو پەڕی گەشانەوە، دڵخۆش بوون، دڵخۆشبوون بەوەی کە لە دەرەوەی خۆیان کەسانێك هەن لە بیری ئەواندان، جا دەشێ ئەو کەسە لە رەمزدا هەولێر بێت بیرلەوان دەکاتەوە. کاتێکیش کە چوومە پولەکانەوە زانیم کە بە راستی ئەو مندالانە لە زۆر شت بێبەشن، ئەو تاوانە گەورەیە (کەمن نالێم پەروەردە کردوویەتی، ئیدارە کردوویەتی، نەخێر ئێمە وەکو مرۆڤ هەموومان بەرپرسیارین بەرامبەر ئەوە.) ئەو مندالانە بزانە چەندان رۆژ بەسەرماو گەرما چوونەتە ئەو قوتابخانەیەو کەسێك نەبووە دەستیان بگرێ، یا وشەیەکیان فێربکات، هەست بکا کە هەن، کەسێك کتێبەکانیان لەگەڵ بکاتەوە، نامەوێ گرنگی (مامۆستا صلاح) لەبیربەرمەوە کە ئەو مامۆستایە حەوت ساڵ دەبێ لەو گوندەیە بەس تەنهایە، شەش پۆلن، مامۆستایەك تەنها دەتوانێ ئیشەکانی ئیدارە بەرێوەببات بۆیە من ئەوە لەبیرنابەمەوەو نالێم ئەو قوتابیانە هەر لە ئەصڵدا مامۆستایان نەبووە، بەلام هەبوونی مامۆستیایەك بۆ شەش پۆل لە رۆژێکداو بۆماوەی حەوت ساڵ شتێکی یەکجار قورسو ناخۆشە. بۆ نموونە قوتابی هەیە پۆلی چوارەمی سەرەتاییە تا ئێستا کتێبەکان بۆ ئەو نامۆن، تەنها وێنەکانی دیوە، نازانێ بخوێنێتەوە.

ب گۆران/ مامۆستا دەکرێ گەر بە نزیکێش بێت ژمارەی ئەو قوتابیانەمان پێبڵێی کە چاویان لە و قوتابخانە و چەند قۆناغیشی تێدایە؟

م. جبار/ ئەو قوتابیانە ژمارەیان لە (38-45) قوتابی دەبێ و هەمووی قۆناغی سەرەتایی تێدایە، وە هەمووشیان رێك و پێکن، بەلام **دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێت ژمارەی قوتابی گرنگ نییە بۆئەوەی من و تۆهاندا کە بچین بۆئەو شوێنە، بەڵکو ژمارەی ئەو ئومێدانە گرنگن کە چاوەرێمان دەکەن، دەشێ مرۆڤێك بێ بەس ئومێدی زۆری بە ئێمەیە.**

ب گۆران/ مامۆستا ئاماژەت پێدا کە ئەو گوندە قوتابخانەشی هەیە و باشیشە، ئایا چ کێشەی دیکەتان هاتۆتە بەردەم؟

م. جبار/ بەڵێ، ئەو گوندە قوتابخانەیەکی باشی هەیەو دەکرێ تێیدا خزمەتی قوتابییان بکرێت و کێشەی نییە، بەلام ئەوەی من ئێستا بە کێشەی دەزانم، نەبوونی ئوتومبێلە بۆ هاتووچۆ، من بۆخۆم ئامادەبووم بە ئۆتۆمبێلی خۆم بچم بەبێ ئەوەی پەروەردە و بەرپرسانیش ئاگایان لێبێ، بەلام ئۆتۆمبێلەکەم بەو رێگەیەدا ناروا، مەگەر ئۆتۆمبێلەکەم لە کۆڵکەم و بیبەم، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە **تا ئەو چرکەیە پەیوەندیم بە هەر هەموو بەرپرسانی ئەو شارە کردووە، بۆئەوەی پێیان بیلێم دێیەك هەیە لەو شوێنە، تکایە تەنها ئوتومبێلێکی پیکابی بۆ دابین بکەن، دەنا هیچ ئۆتۆمبێلیەك ناچێ بۆ ئەو شوێنە، رێگایەکەی زۆر زەحمەت و زۆر قورسە، بەلام تا ئێستا شێوازی ئیداری و یاسا لەولاتی ئێمە کوێرە!!، بیر دەکاتەوە لەدەرەوەی هەولێر دەبێ مانگانە (30 یا 50) هەزاری بداتێ، ئیتر بیرناکاتەوە ئەو دەرێی هەولێرە کوێیە...؟** بەدڵی من، دەبێ پەروەردە زۆر زۆر سوپاس گوزار بێت کە مامۆستایەك دووقات لە مامۆستەیەکی دیکەی بدرێتێ و ئۆتۆمبێلیش بچێتە بەردەمی دەرگاکەی و بیباتە ئەوێ، بەبێ ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی وابێ ئیتر مامۆستاکە لە وێ نەتوانێ هەستێتە پێ، ئێمە ئەو رۆژە کە بەو ئوتومبێلە چووینە ئەوێ بەراستی زۆر بەزەحمەت دەمانتوانی هەڵسینە سەرپێ، چونکە هەموو لەشمان کوترا بوو، ئەگەر لەناو ئوتومبێلەکە یەك بەدەنگت هاوارت کردبا، لەبەر تەقەتەق گوێت لێنەدەبوو، من لەخەمی ئەو مامۆستا ئافرەتانەدابووم کە لەگەڵ خۆم بردبوونم، ئێستا بەنیازم بەیانیش برۆن و ئۆتۆمبێل بۆئەو شوێنە دابین بکەن و بەخۆیان بێن سەردانی ئەوێ بکەن بزان بۆ وایە، چونکە ئەوانەش هاولاتی ولاتی ئێمەن، نەخێر هیچ نەکراوە. باشە ئێمە لەکوێدا گوند ئاوەدان بکەینەوە، کاتێك دەڵێن شار بەدەست لادێیان خەریکە وێران دەبێ، ئێ **باشە تۆ دێیەکان وێران بکەی، زۆر ئاساییە کابرای لادێیی هەموو توانایەکی خۆی سەرف بکات بۆئەوی بێتە شار.** پێموایە تا ئێستاش کە لەوێ ماونەتەوە لە دڵگیری خۆیانەوەیە بۆ گوندەکەیان، دەنا هیچ هۆیەك نییە وایان لێبکات لەوێ بمێننەوە.

ب گۆران/ مامۆستا لە ئایندە بەتەمای چیت، گەر کێشەکانتان بۆ چارەسەر نەکرێت؟ م. جبار/ من پەیوەندیم بە هەندێ برادەری زۆر نزیکی خۆمەوە کرد، لە ئەنجوومەنی وەزیران و داوام لێکردن کە هاوکاری ئەو گوندە بکەن و ئەوان گووتیان چ هاوکاریەك هەبێ لەرووی مادیەوە ئێمە ئامادەین هاوکاریان بکەن. من بۆخۆم هەوڵدەدەم کتێبخانەیەك لەو گوندە دابنێم و ئەو قوتابیانەی کە دەستیان کورتە هەوڵدەدەم هاوکاریان بکەم، لە رووی دابینکردن و کرینی پێداویستیەکانیان هەوڵدەدەم لە رێگەی هاورێیانیشەوە مەنعبێ رووناکە پەسکویت و شیرێك بدرێتە قوتابیەکان.

# دیکتاتۆرێن بێ حکومرانیو دیموکراسیخواز؟

***فهمی سلێڤانەیی***

راستە ئەم دچەرخێ دیموکراسی و گۆرانکاری یێ دە دژین ,بەڵێ یافەرە لسەر هەمی دەزگەهێن حکومی و سەرۆکێن چڤاکا پارێزگەهو کەساتێ یێن رەوشەنبیرو سیاسەت مەدار,خوەندنەکا زانستی دوارێ پراکتیکی دە لەدۆر تێگەهشتنا دیموکراسی یێ بخوێنن و بزانن! دیموکراسی دناڤەرۆکا خوەیا سادەدە ئەوەکو تو بیرو بۆ چۆنێن خوەو بینی یە زمان, هەر وەها تو داخوازا هەمی مافێ خوەیی رەوا بکەی, ئەگەر هاتو ئەومافە پێشێلکران و ل تەهاتە دزین و تۆش مەترسیێ بووتە هەست ب ستەمکاری یێ کر, بەڵێ دیسان دیموکراسی دوەلاتێ مەدە تەنها ئەوە کو توخوە توش مەترسی یێ بکەی و هەمی مەترسی و ئێشو ئازارا لسەر خوە قەبیل بکەی و, بچی یە سەر سندوقا دەنگدانێ و دەنگێ خوە بدە یە چەند کەسەکێن دکتاتۆرو وان بگەهێن یە سەر تەختێ فەرمانێ, ئەڤەژێ رەنگە ئەو مرۆڤ نزانێ کو بدەستێ خوە ستوییێ خوە دبە بەر کنفا جەلادی !؟ ژ ئالیەکێ ڤەمافێ وانە بوێ رەفتارێ رابت, ژبەر نە تێگەهشتن و پاشکەفتنا وانە و هەڵوێستێ وان پالێوراوایە بەرامبەر ی وان, کو پرو پاگندە یەکا ئێکجار مەزن بۆ خوە دکەن, کە خودان هەڵوێست و خزمەتگوزاری بێ بۆ وی گەلی و سۆزو پەیمانێن رویڤیانە نەدە ئەوان, بەڵێ پشتی چەند کورسیا بدە ستڤەتینن ل پەرلەمان و وەزارەتێ, ئێکسەر ئەو بەلێنی و سۆزو پەیمانێن کو وگەل وی جەماوەری گرێداین, خوە لسەر بخودان نابینن و دهێنە ڤەکێشان ژبەلێنی یاو خوە نادەنە ناسین بۆی جەماوەری دا کوچ خزمەتێ بۆ وان نەکەن, خوەژی تەنها ئەو رەفتارە هەبایە, ژنیشکەکێ ڤە دهێنە گوهۆرین و (جنون العڤمە) وەکو نەخوە شیەك ڤایرۆسا مرۆڤەکێ زلزان و ئێکسەر هەلسوکەفتا خوە بەرەو دکتاتۆر یەکا پاشڤەرۆی دبە! ئەفجا چ کارێ نەرەواو خراپ هەبێ سەر وان مرۆڤا دکەنە ئارمانجا ژنافبرنێ, دا کونەبنە ئاستەنگ درێگاوان دە, بتاییەت تەخا رەوەشەنبیرێ گەرناس و خودان هەڵوێست, ئەفجا ب پلانەکا دویر ژ دابونەریتێن کوردەواری کو وان گونەهبار بکەن بترۆرزمێ, یان پیلانەکا نەئەخلاقی کو وی مرۆڤی پالڤەدن دهمبێزا کارێن نەرەوا و خراپ دە!

پاشێ ئەو مرۆڤ رسواو بێ قیمەت و بێ قیمەت و سڤك ببێ دناف کۆمەڵگەهێ خوەدا, بڤێ رەنگی بشێوەیەك دینامیکی دێ ژ گۆرەپانا ئەدەبی و رەوشەنبیری و سیاسی هێتەر بریا ,ئەفجا ئەو گۆرەپان دێ بۆ وی دکتاتۆرێ ستەمکارو خوێن مێژو گەندەڵ ڤالابیت وبحەزاخوە دێ رەفتارێ دگەڵ تەڤایا گەلێ خوە کەت , ژبەر کوچبەر بەندو رکە بەرا بەرامبەری خوە نابینت, بابەتەکێ دی ئێکجار سەرنج راکێشە و مرۆڤ سەر سورماو مەندەهۆش دمینە ئەو ژی گرێدای پارتێن بچوکێن کو هێشتە نە گەهێشتینە سەر کورسیا فەرمانێ! ئەڤە ئەون کو ئەز ناف لێبنێم و بێژم "دکتاتۆرێ بێ حکومڕانی و دیمکراسی خوازا!؟ زۆر ب زانەبون و تاکتیکەکا رۆن و سادە پارتێن بچویکێن کوردستانێ, پرو پاکندە یەکا زۆرا مەزن دژی پارتێن دی یێن حکومرانی دکەن کو دکتاتۆر و گەندەڵن وپێ شێلبونا مافێ مرۆڤان دکەن و دهەمان کات دەدخوازن ئەو پارتێن حوکومڕان رێ بدە ئەوان و بچنە ناڤ ریزێن وێ حکومەتێ, کوببنە شریکێن گونە هێن وان, ئەگەر ئەو پارتێن حکومڕان وێ رێکێ نەدەنە وان, دێ وەکو ئۆپۆزسیۆن بەرامبەری وان رادەستن و خوەدناف جلو بەرگێن رەنگاورەنگ دەخەملێنن و بانگەوازی بشیعاراتێن پێشفەرۆ دژی حکومڕانیا وان دکتاتۆر گەندەلان کەن, هەروەکو مەئیشارەت پێدای ئەگەر رێ بدەنە وا ن پارتا دنان رێزێن خوە دە دەئامادەنە, ئەگەر ئالتەرناتیفەکێ دی ئامادەیە و ئەڤە بخوە هەڵوێستەکێ دیماگۆکی یە هەڵبەت بەلگەدفی واری دە زۆرن لەسەر وان پارتاو بوینە سەربۆر بۆمە کو ئیرۆ پارت هەنە ب مزایەدێ گەهانە کورسی یا فەرمانێ و بونە شریکێن وان گونەهاو ئەو بخوە ژوان بهتر بونە گەندەڵ و ماستاوچی یێن وان سەرکردا,بەڵێ دیسان گونەها ژوێ مەزنتر ئەوەکو چەند پارتەك ژوانێن بچویك جێی خوە دناف ریزێن حکومڕانی یێ دە نەدیتن, ئێکسەر بونە کرێ گرتی یێن دەوڵەتێن هەرێمی یێن داگیرکەر !؟ یا گەرنا سە ئەوێ خوە بفرۆشت وان دوژمنا دێ بێ هەڵوێست و هەستەکێ نەمرۆڤانە, دژی نەتەوا خوە راوەستن! بەڵێ دیسان دیرۆك رەحمێ بوان نابت ئەڤێن خوە دکەنە دهێمبێزو چەپەرێ دوژمنان دە, بەڵێ دیسان جودای وان پارتێن ئیرۆیێن کوراست خودان هەڵوێستن و ئەکتیڤن و کاری گەرن دگۆرەپانا کوردستانێ دەو رۆژ بەرەو رۆژێ چالاکی و تێکۆشانا وان تێنە بەر چاف و جەماوەرێکی لێ دجڤن و بێزێك وەکو هێزا سیان لە باشورێ مەزنێ کوردستانێ خو یادبەن و بەڵکی لسەر ئاستێ هەرسێ پارچێن دن یێن داگیرکری, رۆژ ب رۆژ دبە هێزا یەکی و دوژمن ژبەر وان دلەرزێ !؟ چونکە خەباتا وان یا هەف چەر خانە یەو دگەل ڤێ کاودانێ نازك دەدگونجن , بەڵێ دیسان ئاخینا منا هەرە مەزن و کویرە ئەوەکو بینە زمان, ژڤان کەسێن کو خوە رێڤەبەرەو سەرۆك سکرتێرێن ڤان پارتا تیننە زمان , خوە بدیموکراسی و پێشەنگ دزانێ و فەلسەفا خوە یا ئەدەبی و هۆنەری و رەوشەنبیری و سیاسی و ئابۆری یەکا بازرگانی و پزیشکی و ئەندازیاری,هەمی ئەقلی هەڤ کریەو دهەکی بواران دەپرۆفیسۆرەو دوێ گومانێ دایە کو زەلەتەیەکا خیارو تەماتەو پیڤازایە دێ بهەڤرە خوت, بەڵێ نزانت کوتەنها کارێ وی قەهاندنا هەڵبەست و چیرۆکایە یانژی پزیشکەکەو تەنها دوی واری دەیێ پسپۆرە! بەڵێ ئەڤەژی نەگونە هاوان کە سایە کوفی کاری بکەن, بەلکی گونەها وان سەرکردایە کورێ ددەئە وان و پاڵ ددن وی کاری, دهەمان کاتدە دبێژن ئەم د یموکراسی نە, بەڵێ تەنها دوارێ تیۆری دە نەك کردەیی ! ئەڤەژی دێ بینێ ئەو مرۆڤ ئەشێت دیموکراسیێ دناف مالا خوە دا بکار بینیت, ئەرێ چاوا دێ دناف پارتا خوە و گەلێ خوەدا بکا ئینت!؟ بەڵێ چ یافەرە ئیرۆ ئەم بکەین بەرامبەری ڤان مرۆڤێن کو تەنها چاڤێ وان ل دەرفەتایە داگیر بکەن, ئەڤە نەمەعنا ئەوە کو ئەم تەنها رەخنێ ل وان بگرین ,بەلێ یافەرە ئەم دژی وان راوەستتین و وێ رێ نەدەینە وان کەسان بۆ خوە کرین و فرۆتنێ بمە بکەن و پارت و رێکخراوان بۆ خوە بکەنە دەزگەهەکا بارزگانێ, ئەڤە تەنها بۆ بەرژەوەندا وانا تایبەت ,کو ئامادەنە ڤێ دەست کەفتێ و ئەزمونا نەتەوامەیا کورد دباشورێ کوردستانێ دە تێك بدەن ! ژبەر ڤێ ئەگەرێ یاڤەرە ئەم بسەرهەڵدانەکا رەوشەنبیری و چڤاکی و ئابۆری و سیاسی راببن, بشێوەیەك (رێنسا نس) تاکو ئەم وارێ خوە و گەلێ کورد ل هەرچارپارچا بەرەو ئاسۆیەکا رۆن و پێشکەفتێ ببەین و بگەهینە ئارمانجا خوە یا سەرخوە بون و رزگاری و ئازادی و دیمکراسیێ ! بەلێ دیسان کی گونە هبارە کو ئیرۆ ئەم دڤی کاودانێ هۆنازك دبیژین و ژڤان بارودۆخا رزگار نابین, ئەم باش دزانین ئەگەر پەروەردەی یەکا پاك هەبایە و ئەم گرێدای خاك و زمان و ڤیانا نەتەوا کورد بانە, ئەما ئیرۆ باش خوە پەروەردەی ئایدۆلۆجی یا نەتەوی کەن,چونکە ئەمژی خودان شارستانی و کە لتورەکێ رەسەنێ زۆرێ کەڤنین دناف لاپەرێن دیرۆکا جیهانێ دە بۆچ ئەمێ خوە بمۆچەکا کێما پارتایەتی ڤەگرێدەین, کوبرەنگەکێ لاواز دان و ستاندنێ دگەل مەدا بکەن, کەمۆچەیەك وەسا بدەنەمە کو نەمرین و نەژین,ئەڤەژی دبین ناڤێبەرفرەهی یا حزبی و جەماوەری و بنافێ دیموکراسی بونێ مەیکەنە پێسترك و بگەهنە سەر بانە کێ فەرمانگەرێی و دیسان ئەم شۆرشە کادی بەرامبەری دیکتاتۆرەکێ دی بکەین, ئەفجا چەرخەکێ دن دەرباس ستەمکارێ ببەن تاکو بنازادی بژین !!